گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# فێرکردنی ئەلیکترۆنی

**شەهێن خدر ئاغا سەلیم ئاغا**
بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
shahenkhdiragha@gmail.com

**پ.د. سەباح ڕەشید قادر**
**بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر**
Dr.sabahrashed@yahoo.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١١/١٤
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/١/٤
**بڵاو کردنەوە:**زستانی٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*E-Learning, Computational Linguistics, Flipped classroom, Distance Learning*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.9

## پوختە

ئەو توێژینەوەی ئێمە بە ناونیشانی (فێرکردنی ئەلیکترۆنی) یە ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە هەوڵدان بۆ خستنەڕووی پرۆگرامی شاراوەی نێوان خوێندنی ئاسایی وخوێندنی ئەلیکترۆنی، دواتر بەراوردکردنیان بەیەکەوە، و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕەخنەو لێوەرگرتنانەی لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی دەگیرێن، لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرامی شاراوەو بنەماکانی هەڵسەنگاندنیان لە نێوان ئەرێنی و نەرێنیدا، ئەمانە هەمووی دەترنجێتە چێوەی شاڵاوی ئەو شۆرشە بەرفراوانەی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، کە هاوشان بوو لەگەڵ دەرکەوتنی هەندێ زاراوە، کە لەناوەڕۆکیاندا هەڵگری واتاو چەمکی تازە بوون و گۆرانکاریی کاکڵەییان بەدوای خۆیانەوە هێنا، کە دەسەڵاتی ئەو گۆرانکارییانە گەیشتە گشت بوارو تەوەرەکانی پرۆسەی فێرکردن، کە بوە مایەی دەرهاوێشتنی بەرنامە و ستراتیژی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنی نوێ لەو بوارەدا، هەندێ جار لەگەڵ فێرکردنی دێرین ئاسایی لەیەکتربڕین دابوون، هەندێ جاریش لە جغزی دوورکەوتنەوە و دابڕان دابوون، ئەو توێژینەوەیە پێیوایە، کە پێوانەی ڕاستەقینە بۆ زانینی دەرهاوێشتەکانی ئەو دوو پرۆگرامە لە میانەی دەرهاوێشتە و دەرکەوتنی شوێن پەنجەکانیەوە

لەبواری فێرکردندا دەبێ, دەرکەوتنی ئەنجامەکانیان لە دووتوێی ئەو گۆڕانکارییانەی دەیهێننە کایەوە، و ئەو گرفت و تەگەرانەی لەوبوارەدا دەینێنەوە. ئەو توێژینەوەیە دوای ئەو پوختەیەو پێشەکیە کورتە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێ:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە زمانەوانی کۆمپیوتەری.

بەشی دووەم: تایبەت کراوە بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (فێرکردنی ئەلیکترۆنی) بۆ خستنە ڕووی لایەنەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنییە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

دوای سەرهەڵدانی پەتای کۆڕۆنا و داخستنی ناوەندەکانی خوێندن لەجیهان، گرنگییەکی زیاتر بە خوێندنی ئەلیکترۆنی درا، وەك شوێنگرەوەیەك بۆ خوێندنی ناوپۆل و لەوشێوە سنووردارەی بەکاردەهێنرا ، کەپێشتر لەهەندێك ناوەندی خوێندنی تایبەت و لەهەندێ بواری تەسك بەکاردەهێنرا ، گۆڕاو کرانەوەیەکی فراوانی بەخۆوەبینی و بۆماوەی چەند مانگێك بەتەواوی بووە جێگرەوەی خوێندنی ناوپۆل، ئەمە وایکرد ببێتە جێی سەرنجی ئێمە و لەبەرئەوەی لە زمانی کوردی توێژینەوەی لەسەرنەکرابوو، بۆیە هەوڵماندا توێژینەوەی لەسەر بکەین.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم تویژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە جگە لە پیشەکی و ئەنجام بەسەر دوو بەش دابەشکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** تایبەتە بە زمانەوانی کۆمپیوتەری، بەسەر چەند تەوەرێك دابەشکراوە:

**1-1- تیۆرەکانی فیرکردن.**

**1-2- کۆمپیوتەر لەچوارچێوەی زمانەوانی کارەکیدا:**

**1-3- زمانەوانی کۆمپیوتەری (Computational Linguistics):**

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە تایبەت کراوە بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

**2-1- چەمکی فێرکردنی ئەلیکترۆنی.**

**2-2- پێناسەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی.**

**2-3- چەمکی فێرکردن لەدوورەوە (Distance Learning) .**

**2-4- لە نێوان فێرکردنی مەجازی و دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنیدا.**

**2-5- پۆلی هەڵگەڕاوە (Flipped classroom).**

**2-6- گونجاوترین شێوەی فیرکردن بۆ هەریمی کوردستان.**

## بەشی یەکەم:

### 1-1- تیۆرەکانی فێرکردن Learning theory:

مەبەست لە تیۆری فێربوون ئەوەیە،کە وەسف و هاوکاریکردنی مرۆڤ بێت لەوەی چۆن خەڵکی فێردەبن،ئەوەش وەکو ئەدەبیاتی فێرکردن و رێچکە و رێنماییەکان، تا ڕادەیەک قورسی و ئاڵۆزی پێوە دیارە، ئاڵۆزییەکەی لەوەدایە کە زیاتر لە پسپۆرییەک ڕۆلی لەو چێوەڕێژییە ئەدەبی و تیۆریەدا دەبێ، وەکو پسپۆری دەروونسای/دةرونناسي/، کۆمەڵناسی و دەمارناسی لە پاڵ لایەنی فێرکردن و پەروەردەییدا، شایەنی ئاماژەکردنە زۆرجار بواری پسپۆرییە جیاوازەکان لە لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیاندا کۆک نابن، ئێمە (سێ) لە باوترین ئەو تیۆرانە دەخەینە ڕوو، لەپاڵ تیۆرەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی، دواترئاماژەی پێدەکەین. ئەو پۆلکردنە بۆ ئەو تیۆرانەی خوارەوە دەکرێ وەکو رێبەر ورێنیشاندەرێک سەیر بکرێت لە ڕونانی تیۆریکی پێشکەوتوتر لەبواری فێربوون و فێرکردندا.

1- تیۆری ڕەوشتکاری (ڕەفتارگەرایی) (Behaviorism)
2- قوتابخانەی مەعریفی (Cognitivism).
3- تیۆری بونیادی کۆمەڵایەتی .

### 2-1 کۆمپیوتەر لەچوارچێوەی زمانەوانی کارەکیدا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-2-أ- لەئەمڕۆدا زمانەوانان و فەرهەنگنوسان بەشێوەیەکی بەربڵاو پەنادەبەنە بەر کۆمپیوتەر و بوارەکانی زمانەوانی بەهەموو ئاستەکانیەوە، وشەسازی و ڕستەسازی...هتد، بەتایبەتی لە کارکردنی کۆمپیوتەردا ڕێباز و شێوازی تایبەتی خۆیان دەستەبەر دەکەن.

ئامێرەکانی کۆمپیوتەر مامەڵە لەگەڵ برێکی بێکۆتای زانیارییەکان دەکەن. ئەمەش بوە هاندەرێك بۆ فراوانکردنی بڕی مادده زمانییەکانی ئاخاوتن (Corpus) بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە، کە ئاخاوتن لەبواری زمانەوانیدا تا ماوەیەکی زۆر هەستی پێدەکرا وەکو ئەوەی لەدەرەوەی زمانەوانیدا بێ، ئەو میکانیزم و خێراییەی لە ئامێری کۆمپیوتەردا بەکاردێت بوە مایەی ئەوەی، کە بەئەرکێکی گرنگ هەڵسێ لەبواری زمانەوانی سروشتی وەکو ئامێری وەرگێڕان و فێربونی زمان و بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی وەکو وشەی چارەسەرکردن ، زانیاری بنەڕەتی (Database)؛فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان؛ پرۆگرامی فێربونی زمان، ئەو بەرنامانەی ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو پۆلە بەرنامانە لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە بەرهەمهێنراون، بەڵام هەر زمانەوانێك بۆ هەر پێویستییەکی تایبەتی خۆی دەتوانێ بەرنامەی تایبەتیی خۆی بەزمانی پرۆگرامەکان دابڕێژێ، وەك داڕشتنی پرۆگرامی پرات لەلایەن دوو زمانەوانی هۆڵەندی بەناوەکانی (پۆل بۆرسما و دێڤد وینینك)(عاطف عبدالله فەرهادی، 2011، ل79) بەمەبستی شیکردنەوەی دەنگی زمانی و شەپۆلە دەنگییەکانی دەنگی زمانی.

1-2-ب- کەرەستە زمانەوانییەکان Corpus Linguistics:

ماددەی خاوی زمانەوانی بریتییە لە کۆمەڵە زانیارییەکی زمانەوانی، کە /ئەوکة ية زيادةية/یان وەکو دەقی نوسراو، یان دەقی تۆمارکراو وان، بەڵام زاراوەی (Corpora) بۆ ئەو شێوە ئاخاوتنە تۆمارکراوانە بەکاردێت، کە دەکرێ بەشێوەیەکی ئامێری بخوێنرێنەوە، دەکرێ ئەو مادده خاوە نمونەیەکی(سامپلێکی)/نموونەیەکی/ زمان بێت لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەدابێت، یان وەکو ژانرێکی تایبەت بخرێتە ڕوو.

1-2-ج- ماددەی خاوی زمانی ئاخاوتن Corpora of Speach Language:

لەکاتی کۆکردنەوەی هەندێ نمونە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە، دەبێ هەندێ خاڵ لەبەرچاو بگرین، بۆنمونە گرنگیدان بە دژیەکییە /دزیەکە/دەنگییەکان و جیاوازییەکانیان، جیاوازییە سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان، جیاوازییە سیاقییەکان، بۆنمونە لەخستنەڕووی هەردەقێکی

تێکەڵکراو، خستنەڕووی تۆمارە دەنگییەکە و نیشاندانی لەسەر ڕووی شاشەکەوە، ئەوە نەخشەیەك دەخاتە ڕوو کە کۆمەڵێك کەرەستە و ناوەندی جیاواز دەخاتەڕوو (بڕوانە ئەو نمونەیەی لەلایەن زانکۆی University of Glasgow و زانکۆی University of Edinburgh کە لە 1993 خرایە ڕوو (بڕوانە Fawcett, Perkin 1980) )

1-2-د- تیۆرەکانی فێرکردن لە پەروەردەی سەرهێڵدا Learning Theories for online Education :

هەرچۆن لەپەروەردەی دێریندا یەك تاکە تیۆر نەهاتەکایەوە بۆ داپۆشینی هەموو کێشە و ئەستەنگەکانی بەردەم فێرکردن و بەرهەمهێنانی تیۆرێك هەموو بوار و بارەکانی پەروەردە و فێرکردن لەخۆ بگرێت، بەهەمان شێوە، لەفێرکردنی سەرهێڵدا تاکە تیۆرێك پڕاوپڕ نابێت بۆ لەئەستۆگرتنی گشت ڕێکار و بنەماکانی فێرکردنی بواری سەرهێڵ.

## 1-2-زمانەوانی کۆمپیوتەری (Computational Linguistics):

نوێترین لقی زمانەوانییە و لەم چەرخەدا گرنگترین لقیەتی، بەتایبەت ئەمڕۆ کە ڕۆڵی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و تەکنیك و زانین هەموو بوارێکی ژیانیان گرتووەتەوە، زۆر گرنگە.
ئەگەر مێشکی مرۆڤ وەك کۆمپیوتەر لەقەڵەم بدرێت، ئەوا دەکرێ بڵێیین زمان بەرامبەر بەو پرۆگرام و کردارانە دەوەستێت، کە لەناو کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێن (علی أسعد وطفه، 2021، ص74)، بۆیە زمانەوانان هەوڵیانداوە لەبوارە جیاجیاکانی زمانەوانی سوود لە توانای کۆمپیوتەر ببینن و بەشیوەی جیاجیا بەکاریبهێنن هەندێ جار وەك یارمەتیدەری مرۆڤ و هەندێ جاریش وەك شوێنگرەوەی مرۆڤ، بۆ نموونە: وەك ئامێرێکی یارمەتیدەر سوودیان لێبینیوە بۆ خستنە ڕووی بابەتە زمانەوانییە جیاجیاکان لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا، وەك لە گوتنەوەی بابەتەکانی زمانەوانی لەڕێگەی پرۆگرامە جیاوازەکانی کۆمپیوتەرەوە، وەك پاوەرپۆینت و وۆرد و ئێکسل و ...هتد، هەروەها زۆرجار وەك شوێنگرەوەی مرۆڤ بۆ شیکرنەوەی زمان و بواری زمانەوانی کارەکی بەکاریانهێناوە، وەك وەرگێڕانی ئامێری و شیکردنەوەی دەنگی و شەپۆلە دەنگییەکان لەڕیگەی پرۆگرامە جیاجیاکانی وەك پرات ...هتد، و شیکردنەوەی ڕستە و دانانی فەرهەنگ و ...هتد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەیەکی تر دەکرێ بڵێین:(کاری ئەم ئامێرە داڕشتن و ڕاستکردنەوەی هەموو جۆرە سیستەمێکی هێمایيە، زمانیش يەکێکە لەو داڕشتنانەی کە دەکرێ بەشێوەی بیرکاری شیبکرێتەوە و لێی بکۆڵدرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێ سوود لەم ئامێرە وەربگیرێ) (عاطف عبدالله فەرهادی، 2006، ل14).

ئەمە وایکردووە ئەمڕۆ زمانەوان و فەرهەنگنوسان /فةرهةن نووسان/بەشێوەیەکی بڵاو پەنا بەرنە بەر کۆمپیوتەر و لە بوارەکانی زمانەوانی بەکاریبێنن، بەتایبەتی لەبەرئەوەی لە کاراکردنی کۆمپیوتەردا ڕێباز و شێوازی تایبەتی خۆیان دەستەبەر دەکەن.

ئامێرەکانی کۆمپیوتەر مامەڵە لەگەڵ بڕێکی بێکۆتای زانیارییەکان دەکەن، ئەمەش بووە هاندەرێك بۆ فراوانکردنی بڕی ماددە زمانییەکانی ئاخاوتن (Corpus) بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە، کە ئاخاوتن لەبواری زمانەوانیدا تاماوەیەکی زۆر ، وەکو ئەوەی لەدەرەوەی زمانەوانیدا بێت هەستیپێدەکرا. ئەو میکانیزم و خێراییەی لە ئامێری کۆمپیوتەردا بەکاردێت بوە مایەی ئەوەی کە بە ئەرکێکی گرنگ لەبواری زمانی سروشتی هەڵسێ و وەکو ئامێری وەرگێڕان و فێربونی زمان و بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی وەکو وشەی چارەسەرکردن، زانیاری بنەڕەتی (Database) فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان، پرۆگرامەکانی فێربونی زمان،...هتد.

بەهۆی هاتنە کایەی شێوازی نوێی پەروەردەیی بۆ وانەوتنەوە، تا ڕادەیەک تانە لە شێوازە دێرینەکەی وانەوتنەوە دەدەن، کە لە کاتی خۆی بە نێوەندێکی گەرمی گفتوگۆ ئەژمار دەکرا، لەبەر ئەوەی کە شێوازی نوێی وانە وتنەوە بە نێوەندێکی ساردو سڕی وانەی پەروەردەیی دادەنرێ، کە تەنیا بریتییە لە هەندێ تۆماری دەنگی دوور لە دیدو هەناسەی مامۆستایان و قوتابیان بەرهەم دێن. ئەو گفتوگۆیە ساردە کە خۆی لە هەندێ وێنەی تەلەفزیۆنی و میکانیزمی خستنەڕوی ڤیدیۆ و دەنگ و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ دەبینێتەوە، لە نێوان ئەو شێوازەی وانەوتنەوەدا ڕۆڵی یەکەکانی ڕاگەیاندن دێتەکایە/دةزطاكانى راطةياندن ديتة ئةنجام/، کە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی دەبێت، ئەو توێژینەوەیە وەکو پردێکی پەیوەندی زارەکی و نوسین بە میکانیزمی ڕاگەیاندنەکانەوە دەبەستێتەوە، بە واتایەکی تر هیچ یەکێ لە شێوازەکان نابنە جێگرەوەی ئەویتر، کە ئەنجامەکەی دەبێتە هەڵبژاردنی نوێترین شێوەبەندی ئەلێکترۆنی و ژمارەیی، ئەنجامەکەشی ئەوەی لێدەکەوێتەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە وانەکان بەرهەمێک دەبن توانایی گۆڕین و خۆ گونجاندنیان تێدابێ، بە پێی چێوەو ژینگەو قۆناغەکانی ژیانی قوتابی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی. ئەو نمونەیەی بتوانێ لە نێوان تۆمارێکی دەقئامێزی و ڕوداوێکی خێرا تێپەڕیو و خێراونبوو کۆ بکاتەوە، توانای دەبێ لە چارەکردنی پۆلێکی داواکاری بە پێی پێداویستی بارودۆخی جیاواز، و لە نێوان جێگیری هۆڵەکانی خوێندن ئەو ڕۆنانە مەعریفیەی دەبێتە مایەی چالاککردنی مێشکی قوتابی بۆ هاوڕەوتی بوون بەو پێشکەوتنە گەورەو فراوانەی بەسەر جیهانی تەکنەلۆجیادا هاتووە .

## بەشی دووەم: فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

### 1-2- چەمکی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

لەڕووی کارەکییەوە فێرکردنی ئەلیکترۆنی ناوەکەی لە ئەلیکترۆنەوە وەرگرتووە، ئەلیکترۆن (Electron) زاراوەیەکی فیزیاوییە هێمایەکەی (e-)یە ، تەنیکی نیمچە گۆییە پێکهێنەری ئەتۆمە، بارگەی کارەبایی سارد(سالب)ی هەڵگرتووە، توانای هەیە بەملیۆنەها ئاماژە و وێنە و دەنگ و کۆد لەکەمتر لە بەشێکی چرکەدا بە ملیۆنەها جار بگوازێتەوە.

دۆزینەوەی ئەلیکترۆن شۆڕشێکی زانستی لەسەدەی بیستەم بەرپاکرد، ئەمە وایکرد لەبەرهەمهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکاندا و دواتر دیجیتالییەکان بەکاربهێندرێت، پاشتر لەبەرهەمهێنانی ئامێری زۆربچوك لەقەبارە و خاوەن توانایەکی سەرسوڕهێنەر لە گواستنەوەی دەنگ و وێنە و ئاماژە و کۆدەکان لەدەرەوەی خەیاڵی عەقڵی ئاسایی بەکاربهێندرێت.

لەم سەدەیەی ئێستاماندا بەکارهێنانی پێکهێنەرە ئەلیکترۆنییەکان زۆر فراوان بووە و زۆربەی بوارەکانی گرتوەتەوە، وەك ئامێرەکانی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، تۆمارکەر، ڤیدیۆ، ئامێرە پزیشکییەکان، ئامێرە سەربازییەکان،... هتد.

بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی پێکهێنەرە ئەلیکترۆنییەکان وایکردوە ئەم سەدەیە بە سەدەی ئەلیکترۆنی ناوببرێت، ئەمە وایکردووە ئەم دەستەواژەیە ببێتە نیشانەی شۆڕشی پیشەسازیی ئەم سەدەیە. هەر ئەمە وایکرد چەندین بوار و ناوی نوێ پەیدابێت و لەدایك ببێت، وەك: بەرنامەسازیی

ئەلیکترۆنی، نامەی ئەلیکترۆنی، کارتی ئەلیکترۆنی، تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییەکان، شارستانیەتی ئەلیکترۆنی و ... هتد، دواجار فێرکردنی ئەلیکترۆنی سەریهەڵدا، بەمجۆرە فیرکردنە دەگوترێت کە سەر بەسەردەمی ئەلیکترۆنی چوارەم شۆڕشی پیشەسازییە، ئەمەش هەمووی لەشۆڕشی ئەلیکترۆنی دیجیتالیدا چڕدەبێتەوە.

(گرنگیدان بە چەمک و بابەتەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێش نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا. لە ساڵی 1982ز دا یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان کۆمەڵێک پرسیار و بابەتی گرنگی ورووژاند کە شۆڕشی فێرکردنی ئەلیکترۆنی ئەو کاتە وروژاندبووی. ئەم لێکۆڵینەوەیە داوای گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی زانستی لەبواری فێرکردنی ئەلیکترۆنی دەکرد، لەڕێگەی خستنە ڕووی چەند جیاوازیەکی زۆر قووڵی نێوان ئەم جۆرە فێرکردنە و فێرکردنی تەقلیدی (بەهۆی دەقی چاپکراو و پەڕتووک)ەوە، پەردەی لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە لادا، کە پێویستە هاوشانبن لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆژیای فێرکردن ، چ لەبوارە بەڵگەنەویستەکان و گریمانە سەرەکییەکانی فێرکردن و فێربوون، یا لە بیردۆزەکانی فێرکردنی پشت بەستوو لە بنەڕەتدا بە دەقی چاپکراو بۆ فێربوون، یان لەبواری شێوازەکانی پێوانەی پەروەردەیی و ڕامیارییە پەروەردەییەکان، یا کاریگەریی ئەم تەکنەلۆژیایە لە ناسنامەی کەسایەتی و سیفەتەکانی قوتابی و فێرخوازان و زۆر بابەتی گرنگی تر)(عاطف عبدالله فەرهادی ، 2006، ل16).

بێگومان ئەم شۆڕشە وایکردووە شتە دوورەکان لەڕووی شوین و کاتەوە لێك نزیك بکاتەوە، وەك گواستنەوەی دەنگ، وێنە، نوسین و ...هتد. لە دورەوە بەهۆی بەکارهێنانی ئامیرە ئەلیکترۆنییەکانی وەك تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، کۆمپیوتەر ، ئەنتەرنێت و ...هتد(علي أسعد وطفة، 2021، ص 64).

## 2-2- پێناسەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

فێرکردنی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە ڕێگاکانی فێرکردن و فێربوون، ئەم ڕێگەیە بەیەکێك لەڕێگە داهێنەرانەی فێرکردن دادەندرێت کە ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ قوتابیان دابین دەکات، کە وا درووستکراوە لەگەڵ زۆربەی کات و شوینی جیاواز بگونجێت، بەبەکارهێنانی تایبەتمەندی و تەکنەلۆجیا دیجیتاڵییەکان و سەرچاوەکانی ئەنتەرنێت بەپێی بنەماکانی دیزاینی فێرکاری گونجاو بۆ ژینگەیەکی فێرکرای کراوە و نەرم و نیان (رضا عبدالبديع السيد عطية، يونيو 2017، ص 39)، هەروەها

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەوە پێناسەدەکریت، کە ڕێگایەکی داهێنراوە تیایدا پەیوەندی فێرکردن لەدوورەوە یا نزیکەوە لەنێوان کۆڵەگەکانی پرۆسەی پەروەردەیی (مامۆستا، قوتابی، بابەتی پەروەردەیی) دەستەبەردەکات(هەمان سەرچاوە، ص64).

واتە (فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکە بۆ فێرکردن بە بەکارهێنانی هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندیکردن، لە کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی و فرە هۆکارەکانی دەنگ و وێنە، نیگار، وێستگەکانی گەڕان، کتێبخانە ئەلیکترۆنیەکان و دەروازەکانی ئینتەرنێت، چ لە دوورەوە یان لە پۆلەکانی خوێندن بێ، واتە بەکارهێنانی تەکنیک بەهەموو شێوەکانییەوە بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ قوتابی و فێرخواز بە کورتترین کات و کەمترین ماندوبوون و زۆرترین سوود) (عبدالله بن عبدالعزيز الموسى ، 1423هـ، ص5).

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیە بکەین (سیستەمێکی کارلێکەرە پشت بەژینگەیەکی ئەلیکترۆنی تەواوکاری دەبەستێت،ئامانجی بنیادنانی پرۆگرامێکی خوێندنە، کە بەشێوەیەکی ئاسان پێی بگەی، ئەویش لەڕێگەی تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بەپشت بەستن بەو پرۆگرام و ئەپلیکێشنانەی ژینگەیەکی نموونەیی بۆ یەکخستنی نوسین لەگەڵ دەنگ و وێنە دەستەبەردەکەن، هەروەها توانای دەوڵەمەندکردنی زانیاری لەڕێگەی لینکی سەرچاوەی زانیاری لە پێگە و ماڵپەڕە جیاوازەکانەوە پێشکەش دەکات، سەرباری ئەمە توانای ڕێنماییکردن، ئاڕاستەکردن، ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکان، بەڕێوەبردن و هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و پرۆسەکانی هەیە(حليمة الزاحي، 2011-2012، ص58).

بەپێداچوونەوە بەم پێناسانەی پێشوو، تێبینی ئەوە دەکەین کە فێرکردنی ئەلیکترۆنی فێرکردنێکی وشك و ناوبۆش نییە، بەڵکو فێرکردنیکی ستراتیژییە، کە ناوەڕۆکی سەردەمیانەیە و بنەما پەروەردەییەکانی تێدایە کە گرنگی بە بیری ڕەخنەگرانە و سەربەخۆیی و سەلیقە و ئازادی و پەیوەندییە دیموکراتییەکانی نێوان مامۆستا و قوتابی دەدات.

ئەوەی دەمانەوێت لەم چوارچێوەیەدا بیڵێین ئەوەیە، کە فێرکردنی ئەلیکترۆنی سیستەمێکی پەروەردەیی یەکگرتوو و سیستەماتیکە لەسەر بنەمای نوێترین بنەماکانی دەروونناسی و ئامادەترین

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەها پەروەردەییە نوێیەکان لەجیهانی پەروەردەدا دامەزراوە(رضا عبدالبديع السيد عطية، 2017، ص67).

لەلایەکی ترەوە فێرکردنی ئەلیکترۆنی شۆڕشێکی مۆدێرن لەشێواز و تەکنیکەکانی پەروەردەدا پێکدەهێنێت، کە ئەو ئامراز و شێواز و تەکنیکانەی دیدێکی یەکگرتووی نوێ دادەمەزرێنن، هەروەها نوێترین تەکنەلۆژیا و لە ئامێر و بەرنامەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا بەکاردەهێنن،هەرلەبەکارهێنانی داتاشۆ(Projector)ەوە لە گوتنەوەی وانەکان لەناوەندەکانی خوێندندا لە پۆلەکانەوە، تا دەگاتە پێکهێنانی پۆلە مەجازییەکان (الفصول الإفتراضية)، و ژینگە کارلێکراوە جیاوازەکانەوە، و داتا و لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماند کە زۆربەی ئەو هۆکارانە لەبواری پەروەردەدا کاریگەرییان هەبو( فايزة أحمد الحسيني، 2020، ص 310)، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا لەسەرتاسەری جیهان و داخرانی ناوەندەکانی خوێندن، کە وایکرد بۆماوەیەکی زۆر فێرکردنی ئەلیکترۆنی شوێنی خوێندنی ئاسایی ناو ناوەندەکانی خوێندن وپۆلەکان بگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فێرکردنی ئەلیکترۆنی تەنها ئامرازێك نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی فەلسەفە و پرۆگرام و ناوەڕۆکێکی سەردەمیانە (مۆدێرن) بۆ پەروەردە دەکات.

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین: فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەوە وەسف دەکرێت کە لەدروستبوونیدا زۆر ئالۆزە، بەو پێیەی لەفەلسەفە و ستراتیژ و ئامانجەوە سەرچاوەی گرتووە و بەستراوەتەوە بە ژینگەیەکی دیجیتاڵی ئاڵۆزەوە و ناتوانین بڵێین ئەم سیستەمە لەدایك بووی شەو و ڕۆژێك یا بگرە چەند مانگێکە، چونکە سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن و پێشکەوتووە، لەئەنجامی وەبەرهێنانی درێژخایەن و بەردەوام لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان لە بواری پەروەردەدا هاتۆتە ئاراوە(علي أسعد وطفة، 2021، ص 69).

### 3-2- چەمکی فێرکردن لەدوورەوە(Distance Learning) :

ئێستا فێرکردن لەدوورەوە بەشێکە لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی، بەو شێوە فێرکردنە دەگوترێت کە قوتابی زانیارییەکانی لەشوێنێکی دوورەوە دەست دەکەوێت، زۆرجار لای هەندێ توێژەر ناتوانرێت بە ڕوونی فێرکردنی ئەلیکترۆنی و فێرکردن لەدوورەوە لەیەکتر جیا بکرێتەوە، چونکە ئەو دوو چەمکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چەمک و گرنگی و بەکارهێناندا بە شێوەیەکی ئاڵۆز لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بوونە. توێژەران هەریەکەیان بەشێوەیەك زۆرجار یەکێکیان لە شوێنی ئەوی دیکە بێ جیاوازی بەکارهێناوە. ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین ئەو دوو چەمکە بە پێی میتۆدۆلۆژیای خۆمان جیا بکەینەوە، ئەستەمە، واتە وەک ئەوەی توێژەران و بیرمەندان بەکاریدەهێنن، فێرکردنی ئەلیکترۆنی جیاوازی نییە لەگەڵ فێرکردن لەدوورەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو دوو چەمکە ئاماژەن بۆ یەک مانا لە زانستی زماندا و دوو وشەن کە یەک مانایان هەیە. بەڵام دەبێت لەبارەی فێرکردن لەدوورەوە بزانین، و سنوور و ڕەهەندە مێژووییەکانی بکێشین، بۆ ئەوەی ڕێگەمان پێبدات خاڵە هاوبەش و گونجاوەکانی نێوان ئەو دوو چەمکە ئاشکرا بکەین.

فێرکردن لەدوورەوە لەسەردەمی ئێستاماندا دەستی پێنەکردووە، بەڵکو بەر لەسەرهەڵدانی ئامێرە ئەلیکترۆنییە زیرەکەکانەوە سەری هەڵداوە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو سەد ساڵ پێش ئێستا، بگرە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٧٢٩ کاتێك کالێب فیلیپسەوە(Caleb Philips) هەفتانە وانەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی بۆستن گازێتەوە بڵاو دەکردەوە، و دواتر لە ساڵی ١٩٢٢دا ڕادیۆ بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنرا، کاتێک زانکۆی بەناوبانگی پێنسیلڤانیا دەستی کرد بە پێشکەشکردنی ژمارەیەک لە کۆرسبوکی بابەتەکان لە ڕێگەی ڕادیۆوە، پاشان لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە، دواتر زانکۆی ستانفۆرد لە ساڵی ١٩٦٨ دەستپێشخەرییەکی بە ناوی (تۆڕی فێرکاری تەلەفزیۆنی ستانفۆرد - The Stanford Instructional Television Network) دەستپێکرد بۆ دابینکردنی کۆرسبوکی بابەتەکان بۆ قوتابیانی کۆلێژی ئەندازیاری لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە.

بەدڵنیایەوە فێرکردن لەدوورەوە ماوەیەکی زۆرە ناسراوە، سوودی لێبینراوە بۆ پەیوەندی نێوان مادده پەروەردەییەکان و قوتابیان و فێرخوازان، هەروەها لە ڕابردوودا بە فێرکردن لەڕێگەی نامەوە ناودەبرا، کە قوتابییەکە کەرەستەی خوێندن و ڕێنماییەکانی خوێندنی دیاریکراوی بە پۆست بۆ ڕەوانەکراوە و وەرگرتووە ،خۆی ئەم ماددانەی خوێندنەوە و لە کۆتایی وەرزدا ئامادەکاری کردوە بۆ پێشکەشکردنی تاقیکردنەوەکە، بیرۆکەکە بۆ سەردەمی خۆی ناوازەبووە، هەروەها وایکرد زۆرێک لەو قوتابیانەی کە نەیاندەتوانی بگەنە زانکۆکان بتوانن بخوێنن و ئاستی ئەکادیمی بەرز بەدەستبهێنن. مەلزەمە و کتێب و کۆرسبوکەکان بە پۆست دەگەیشتنە قوتابیان و دوای خوێندن و فێربوونیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابیەکان خۆیان کارو ئەرکەکانیان بە هەمان شێوە بەپۆست دەنارد بۆ مامۆستاکانیان بۆ ئەوەی ڕاستیان بکەنەوە، ودواتر مامۆستاکان دوای خویندنەوەیان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لەگەڵ نمرەکان بۆیانیان دەناردەوە. پاشان شێوازی فێربوون پەرەی سەند و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و ڤیدیۆ و...هتد لەخۆ بگرێت، دواتر شێوازەکە گۆڕا دەبوایە قوتابیەکان لە کۆتایی وەرزدا لەگەڵ ئەو قوتابیانەی هاوڕێیان کە لە ناو ناوەندەکانی خوێندن دەیانخوێند ئامادەبن بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان.

بەڵام ئەم شێوازە چەندین لایەنی نێگەتیڤی هەیە، لەوانە هەستی گۆشەگیری و تێکەڵنەبوونی قوتابی لەگەڵ بابەت و مامۆستاکان و بەم شێوەیەش دەستکەوتی ئەکادیمی و داهێنەرانە لاواز بوو، زانکۆکانی ئەمریکا و ئەوروپا یەکەم دامەزراوەنە کە بیرۆکەی خوێندنی لەدوورەوەیان گرتۆتەبەر. کە تێیدا بابەتەکانی خوێندن لەسەر شریتی ڤیدیۆیی تۆماردەکرا و لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ورد و پێویست بۆ قوتابیان دەنێردران هاوپێچ لەگەڵ ئەرکە سیستماتیکەکان بۆ تەواوکردنیان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن قوتابیانەوە و دواتر ئەرك و وەلامەکان لەلایەن قوتابیانەوە بۆ هەربابەتێك بەجودا لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە ڕەوانەی لای مامۆستاکان دەکرایەوە .

سەبارەت بە تاقیکردنەوەکان، پێویست بوو قوتابی لە ناوەندەکانی خوێندن (زانکۆ) ئامادەبێت بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدات.

لە کۆتایی هە شتاکاندا کیبڵ و کەناڵەتەلەفزیۆنییەکان دامەزران بۆ پەخشکردنی وانەی پەروەردەیی. لە سەرەتای نەوەدەکاندا ئینتەرنێت دەرکەوت وەك ئامرازێکی شوێنگرەوە و خێرا و ئاسان بۆ پەیوەندیکردن بەکارهات و ئەوکات زاراوەی فێرکردن لەدوورەوە تا ڕادەیەک هاوتای زاراوەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بوو(غيداء الربداوي، 2020).

ئەڵمانیا بە یەکەم وڵاتی فێرکردن لەدوورەوە دادەنرێ، کاتێک چارلز توسانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٨٥٦ لە بەرلین وانەی فێرکردنی زمانی فەرەنسی دەگوتەوە و قوتابخانەیەکی بۆ فێرکردن لەدوورەوە بەناوی (قوتابخانەی زمانەکان بە نامەنووسی) دامەزراند، و دواتر لە ساڵی ١٨٧٤ زانکۆی ئیلینۆیسی حکومی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆگرامی فێرکردن لەدوورەوەی دامەزراند. زانکۆی

شیکاگۆ بە یەکەم زانکۆ لە جیهاندا دادەنرێ کە فێرکردن لەدوورەوەی لە ساڵی ١٨٩٢ خستە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و پشتی پێبەست، لە ساڵی ١٨٩٢ ئەم زانکۆیە یەکەم بەشی سەربەخۆی پەروەردەی نامەنووسی دامەزراند. لەوێشەوە بیرۆکەکە گواسترایەوە بۆ بەریتانیا.

لەساڵی ١٩٥٦ کۆلێژە کۆمەڵایەتییەکانی شیکاگۆ خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنیان لە وانەوتنەوەدا لە رێگەی کەناڵە پەروەردەییەکانەوە ناساند، زانکۆی NYSES یەکەم زانکۆی کراوەی ئەمریکییە کە لە وەڵامی خواستی فێرخوازان دامەزرا بۆ ئەوەی خوێندنی باڵا لە رێگەی شێوازە ناتەقلیدییەکانەوە بخرێتە بەردەستیان. بەم شێوەیە رەوتی بەرەو (پەروەردەی دیجیتاڵی) شتێکی سەیر نەبوو، چاوەڕوان کراوبوو، بەڵام پەتای کۆرۆنا وایکرد بەپەلە دەربکەوێت و بێتە پێشەوە و گەشەبکات و بڵاوببێتەوە(إيمان مرعي، 2020/12/12).

ئەو هۆکارانەی کەبوونە هۆی پەرەسەندنی فێرکردن لەدوورەوە بریتین لە:

1- پێویستیی پەروەردە بە هەمەچەشنکردن لە سیستەمەکەیدا، بەتایبەتی خوێندنی زانکۆکان، و بیرکردنەوە لە جێگرەوەکانی سیستەمی کلاسیکی، کە چەند پاڵنەرێك بوونە هۆکار بۆئەوەی بیر لەم جێگرەوەیە بکرێتەوە، وەک زیادبوونی خواست لەسەر خوێندنی باڵا لە سەردەمێک کە دامەزراوەکان بە سیستەمی کلاسیکی خۆیانەوە ناتوانن ئەم خواستانە بهێننە دی.
2- بێتوانایی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە داپۆشینی تەواوی رووبەری وڵات، ئەمەش هەندێک ناهاوسەنگی دروست دەکات، بۆنمونە ناتواندرێ لەهەموو شار و شارۆچکەکانی وڵاتان زانکۆ هەبێت.
3- بەرزبوونەوەی بەردەوامی تێچووی خوێندنی باڵا، کە بارگرانی لەسەر هەریەک لە دامەزراوەکانی خوێندن یان خوێندکارەکانی پێکدەهێنێت، هەروەها کەموکوڕییە دیارەکانی بەدیهێنانی بنەمای دەرفەتی یەکسانی خوێندن.
4- ناتەبایی بەرفراوان لە نێوان ئەو پیشە کلاسیکییانەی کە کۆمەڵگا دروستی کردوون، ئەوانەی بە فۆرمەکانی پێشکەوتنی تەکنیکی هێنراونە پێشەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- بوارە جیاجیاکانی کار بەردەوام لە گۆڕان دان و ڕۆژبەڕۆژ پیشهاتی نوێ دێتە کایەوە، کە پێویستە ئەوانەی لەم بوارە کار دەکەن پێی بگەن، بۆئەوەی توانای کارەکانیان گەشە بکات و لە ئاستی ئەدای پێویست دانەبەزن، بەم شێوەیەش هەوڵ دەدەن ڕێچکەی ڕێگاکانی تری فێربوون بە نرخێکی گونجاو لە هەلومەرجێکدا پەیڕەو بگرنەبەر کە لەگەڵ کاری ئەواندا بگونجێت.

6- کاتێك ڕەوتی پەروەردەیی مۆدێرن لە فێرکردنەوە بەرەو فێربوون گۆڕا،بووە یەکێك لە گرنگترین پاڵنەرەکان بۆ زیادبوونی ڕەوتی فێرکردن لەدوورەوە و سەرهەڵدانی چەمکی نوێ سەبارەت بە فێربوونی سەربەخۆ، فێربوونی ئاڕاستەکراو، فێربوون لە ئەزموون و فێربوونی کراوە(أحمد الخطیب، 2006، ص16).

هەندێك لە پسپۆڕان پێیان وایە دەبێت فێرکردن لەدوورەوە ببێتە بەشێك لە پەروەردەی تەواوکەری و لە دوای تەواوکردنی قۆناغێکی پەروەردەیی دیاریکراو بێت، بۆ نموونە دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، لەگەڵ پەرەسەندنی ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن، پرۆسەی خوێندن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی سەندووە، بەتایبەت دوای بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەبواری پەروەردەدا، لێرەوە زاراوەکانی (جیهانێکی بێ کاغەز ، زانکۆی بێ دیوار، دامەزراوەی پەروەردە بۆ داهاتوو، قوتابخانە و زانکۆ ئەلیکترۆنییەکان، زانکۆ مەجازییەکان، و پۆلە زیرەکەکان،...هتد) دەرکەوتن(علي أسعد وطفة، 2021، ص 74).

لە گەڵ هاتن و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا و کەرەنتینە لەسەرتاسەری جیهان، وایکرد مامۆستا و قوتابیان بەزۆرەملێ لە ناوەندەکانی خوێندن(قوتابخانە، پەیمانگا، زانکۆ) دووربخرینەوە، ئەوکات تاکە ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان مامۆستا و قوتابی لە مۆبایلی زیرەك و کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێت تێپەڕی نەدەکرد، و هەرئەوانەیان لەبەردەستدابوو، ئەمە وایکرد بەدوای چارەسەری خێرادا بگەڕێن،و هانایان بۆ ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆری فێربوون برد، کە هەردوولای هاوکێشەی پەروەردەیی (مامۆستا و قوتابی)ی ناچارکرد دەست بە جۆرێکی نوێی فێرکردن و فێربوون بکەن کە پێشتر هەردوولایان ئاشنای ئەم شیوەیە نەببوون(إیناس عبدالرحمن العیسی، أبریل 2020).

دوای پێداچوونەوە بە سنوورەکانی چەمک و ڕەهەندەکانی فێرکردن لەدوورەوە، دەتوانین سنووری جیاکەرەوەی نێوان فێرکردنی ئەلیکترۆنی و فێرکردن لەدوورەوە ببینین. فێرکردن لەدوورەوە لە بنەڕەتدا هەندێ واتای تری هەیە کە دوورە لە واتای ئەلیکترۆنی، پێشتر لەڕێگەی نامەنووسینی کاغەزی و لە ڕێگەی پەیوەندییە نائەلکترۆنییەکانەوە بوو،کە ئەوسەردەم هێشتا ئامێری کۆمپیوتەریان درووست نەکردبوو و تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی نەدۆزرابووەوە، هەروەها پێش دۆزینەوەی وێب بەهەموو نەوەکانیەوە. بە بەراورد دەتوانین بڵێین فێرکردنی ئەلیکترۆنی جۆرێکە لە فێرکردن لەدوورەوە بەشێوەهەرە پێشکەوتووەکەی، دەکرێ ئەم جۆرەی فێرکردنە ڕاستەوخۆ و لەنزیکەوەش بێت بە هەمان شێوەی فێرکردن لەدوورەوە، بەم پێیە دەتوانین بە واتایەکی تر بڵێین پەروەردەی مەجازی جۆرێکە لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی(علي أسعد وطفة، 2021، ص 75).

**4-2- لە نێوان فێرکردنی مەجازی و دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنیدا:**

چەمکەکانی فێرکردنی مەجازی (Virtual Learning) و فێرکردنی دیجیتاڵی( Digital Learning) لە گۆڕەپانی فیکری پەروەردەیی هاوچەرخدا بە توندی خۆیان دەسەپێنن. دوای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە لە پێناسە جۆراوجۆرەکان، کە بۆ ئەم دوو چەمکە خراونەتەڕوو، بۆمان دەرکەوت کە هەردووکیان دەکرێ بڵێین هاوشێوەی چەمکی فێربوونی ئەلیکترۆنی(E-Learning)ن. ئەمەش واتە هەرسێ چەمکی (ئەلیکترۆنی ، مەجازی و دیجیتاڵی) لە یەک بواردا کاردەکەن و لەیەك فەزادا دەخولێنەوە و لەیەک منداڵداندا کە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییە لەدایك بوونە، ڕەنگە چەمکی دیجیتاڵی هاوکات بێت لەگەڵ چەمکی مەجازی، هەروەها لەگەڵ چەمکی ئەلیکترۆنی. بە کورتی ئەم چەمکانە ئاماژەن بۆ یەك جۆر لە فێرکردن،بەبەڵگەی ئەو پێناسانەی کە پێداچوونەوە بە هەندێکیان دەکەین.

یەکێک لە دیاردەکانی ئەم چونەناویەکە(التداخل)، بەکارهێنانی زاراوەکانی شۆڕشی گریمانەیی ، شۆڕشی دیجیتاڵی، شۆڕشی ئەلیکترۆنی و شۆڕشی پیشەسازییە، تاڕادەیەکی زۆر بەیەك واتا ئەمەش بەو مانایە دێ، کە ئەم چەمکانە هاوواتا و یەکتربڕ و تەواوکەری یەکترن لە بۆ دەربڕین لەو سەردەمە نوێیەی کە تێیدا دەژین. ئاساییە کە بڵێین فرەیی ئەو زاراوانە کە یەک مانا دیاری دەکەن، گوزارشت لە دەوڵەمەندی و بەپیتی زانین دەکات لە نێوان ئەو بیرمەند و توێژەرانەی لەم بوارەدا کاردەکەن. ئێمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کرۆکی ئەم چەمکانەدا هەندێک سێبەری شاراوە دەبینین کە ئاماژە بە هەندێک جیاوازی دەکەن. بۆنمونە مەجازی لەسەر بنەمای: دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنی دامەزراوە، بەڵام سەرنج دەخاتە سەر جیهانێکی مەجازی وەک ئەوەی سێبەری واقیع بێت. و ژمارەیی پشت بە هاوکێشەیەکی ڕێک و پێکی ئەلیکترۆنی دەبەستێت لە چوارچێوەی ستانداردی ژمارەییدا کە بە زمانی سفر و یەک (1،0) پێناسە کراوە. (لێرە بواری ئەوەمان نییە بەدرێژی ئەم زمانە ئەلگۆریزمییە(خوارزمی) ئاڵۆزە باس بکەین.)(علي أسعد وطفة، 2021، ص 76).

ئیبراهیم عەبدولموحەیسن بەم شێوەیە فێرکردنی مەجازی پێناسەدەکات:

فێرکردنی مەجازی بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازی ئەلیکترۆنی بۆ ئامانجی پەیوەندیکردن لەنێوان مامۆستا و فێرخوازاندا.

حەسەن حسێن زەیتون دەڵێت:

فێرکردنی مەجازی بریتییە لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی بابەتی فێرکردن لەلایەن مامۆستایانەوە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، بەو پێیەی پشت بە کۆمەڵێک ئامرازی تەکنەلۆژی فرەچەشن دەبەستێت کە فێرخواز لەڕێگای ئەو تۆڕانەی کە بەردەستە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەوبابەتانەی کە مامۆستا هەیەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە فێرکردنە فێربوونی چالاک بەدەست دەهێنێت کە ئامانجی کارلێککردنە لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا، واتە مەبەستیەتی ڕۆڵی فێرخواز لە پرۆسەی پەروەردەدا نەرێنی نەبێت، و ئەو واسەیری ئەم جۆرە فیرکردنە دەکات کە نەبەستراوەتەوە بە شوێنێکی دیاریکراو یان کاتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو جیاوازی نیوان تاکەکان لەبەرچاودەگرێت کە بە بنەمای جیاوازییەکانی تاکەکەس ناسراوە(شاهيناز محمود أحمد،2013، ص30).

(ساندرا لحدو) بەم شێوەیە ئەم شێوازەی فێرکردە پیناسە دەکات: (شێوازێکی فێرکردنە یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ بەدەستهێنانی داتا، زانیاری، پەیوەندی و ڕاهێنان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، لە شێوەی دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ، یان کتێبی ئەلیکترۆنی، وەک چۆن فێرکردن لە سەردەمی ئێمەدا بووەتە وابەستەیی ئامرازی ئەلیکترۆنی: وەک بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت شان بەشانی شێوازی تەقلیدی(ساندرا لحدو، 14 أغسطس 2016).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سکلۆسەر و سیمۆنسۆن دەڵێن: فیرکردنی مەجازی جۆرێکە لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە دوورەوە، کە بە شێوەیەکی کارا لە حاڵەتی نەبوونی ژینگەی تەقلیدی دامەزراوەی پەروەردەیی ڕاستەقینە ڕوودەدات، ئەویش بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مەجازی لەبری ئەوەی فێری پرۆگرامی فیرکردنی تەلقیندراو بکرێت، قوتابخانەی مەجازیش لایەنێکە کە لەلایەن دەوڵەت یان دەسەڵاتی پەروەردەیی سەربەخۆوە پەسەند کراوە بۆ دابینکردنی بەرنامەی فێرکردن لە دوورەوە، بەشێوەی هاوکات یان نا هاوکات بێت (Schlosser. L. A. & Simonson. M, P7).

کاتێک سەیری ئەو پێناسانە دەکەین، کە بۆ چەمکی فێرکردنی دیجیتاڵی(Digital Learning) کراون، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم پێناسانە نزیکن لەوەی یەکسان بن لەگەڵ پێناسەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە لایەکەوە، و فیرکردنی مەجازی لە لایەکی دیکەوە. فێرکردنی دیجیتاڵی وەک ئەوەی عەبدوڵڵا بەدارنە پێناسەی کردووە: فیرکردنی دیجیتاڵی بریتییە لە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەر و تۆڕەکانییەوە بۆ فێرخوازان بە شێوەیەک کە ڕێگەیان پێبدات کارلێکی چالاکانە لەگەڵ(ناوەڕۆکی بابەتەکان، مامۆستاکە، و هاوپۆلەکانی)دا بکەن،جا چ بە شێوەیەکی هاوکات بێت، یان بە شێوەیەکی ناهاوکات، هەروەها ئەگەری تەواوکردنی کارەکانیان لە کات و شوێن و بە خێراییەک دەستەبەر دەکات کە لەگەڵ بارودۆخ و تواناکانیاندا بگونجێت، سەرباری ئەوەی توانای بەڕێوەبردنی ئەم فێرکردنەی لەڕێگای ئەو ئامرازانەی پێشتر باسمانکرد هەیە(عبدالله بدارنة، 2020/6/10).

بە پێداچوونەوە بە پێناسەکانی پێشوو، سەرەڕای جیاوازی لە پیناسەکان، کۆدەنگییەکی گەورە لە نێوان توێژەرانی ئەم بوارەدا هەیە وەك ئەوە وایە هەریەکە لەلای خۆی و بەجۆرێك ئاو بڕژێنیتە ناو هەمان کۆپەوە. بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی پێناسەکانی پێشوو کە بۆ فێرکردنی دیجیتاڵی، ئەلیکترۆنی و مەجازی پێشکەش کران، دەڕژێنە ناو هەمان ڕوبار، فۆرمی جیاوازی فیرکردنن، بەڵام تاڕادەیەکی زۆرلەیەك نزیک و یەکسانن تا ئاستی یەکسانیی مەعریفی، وەک ئەوەی سێ کلیلی یەک دەرگا بن، یان سێ ڕووی یەک ڕاستی. پرۆسەی فێرکردن لە دوورەوە لە شێوە جۆراوجۆرەکانیدا بە یارمەتی یان بە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنی دیجیتاڵی ئەنجام دەدرێت، کە خۆیان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیاندا ئامرازی کارلێککەر پێکدەهێنن بۆ گەیاندنی کەرەستەی پەروەردەیی فێرکردن بە فێرخوازان. وەک حەسەن ئەحمەد دەڵێت: (ئامانجی سەرەکی سەرهەڵدانی خوێندن لەدوورەوە بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی فێرکردن بە شێوەیەکی ئاسانتر و بە بەبەکارهینانی چەندین تەکنەلۆژیای جۆراوجۆر، بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی لە دامەزراوە پەروەردەییە متمانە پێکراوەکان)( حسن أحمد، 2020/4/11).

### 5-2- پۆلی هەڵگەڕاوە (Flipped classroom):

لە پۆلێکی ئاسایی مامۆستا لە ناو پۆلدا وانە پێشکەش دەکات و ئەرکی ماڵەوە دەدات بە قوتابیان کە دوای پۆل ئەنجامی بدەن. لە پۆلێکی وەرگەڕاودا، یان هەڵگەڕاوەدا، شتەکان بە پێچەوانەوە ئەنجام دەدرێن: مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە پۆل، بابەت و وتارەکان لە شێوەی ڤیدیۆی پێشوەختە تۆمارکراودا دەداتە قوتابیان و کاتەکانی پۆل بۆ بەشداریکردنی قوتابیان لە چالاکییەکانی فێربووندا بەسەر دەبات کە هاوکاری و کارلێککردن لەخۆدەگرێت .چالاکییەکانی فێربوونی پاسیڤ وەک وتارەکانی یەک ئاڕاستەیی پاڵیان پێوەدەنرێت بۆ دەرەوەی کاتژمێرەکانی پۆل، بۆ ئەوەی بە چالاکییەکانی فێربوونی چالاک لە پۆلدا جێگەی بگرێتەوە. زاراوەی (پۆلی هەڵگەڕاوە) هەر لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەرکەوتووە (لاج، پلات و ترێگلیا، ٢٠٠٠) و لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن مامۆستایانی کیمیا (بێرگمان و سامسەوە) ناوبانگی دەرکرد، (بێرگمان و سامس، ٢٠١٢) بە جێبەجێکردنی هاوشێوەی سەرکەوتووانەی تەکنەلۆژیای وانەوتنەوە، لەسەر بنەمای وێب پۆلی وەرگەڕاو لە دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ئەمریکای باکوور لە سەرانسەری سپێکتریمی دیسیپلینەکان و لە ئاستە جیاوازەکانی فێرکردندا جێگەی سەرنجی بەدەستهێنا، هەروەها ئەم پێداگۆژییە بە بەردەوامی وەک یەکێک لە ڕەوتە سەرەکییەکانی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی هەڵسەنگێنراوە، بەپێی ڕاپۆرتەکان هەڵوێستی قوتابیان لە وەرگرتنی بابەتەکان باشتربوونی پێوەدیارە و تەنانەت نمرەی تاقیکردنەوەکانیان باشتر بووە.

بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕەوتێکی تاڕادەیەک نوێیە، زۆربەی جێبەجێکردنی پۆلی وەرگەڕاو لە بلۆگ و گۆڤار و ڕۆژنامە ئۆنلاینەکان لەبری توێژینەوە و کۆنفرانسە ئەکادیمییەکان باس دەکرێن(یاسمین ناصر، 2020/10/25).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-6- گونجاوترین شێوەی فیرکردن بۆ هەریمی کوردستان:

دوای پێداچوونەوە بەو بابەتانەی پێشوو، بۆمان دەردەکەوێت کە جیهان بەگشتی ناتوانێت چیتر دەستبەرداری ئامیرە ئەلیکترۆنییەکان ببێت بەتایبەتی لەبواری پەروەردە و فێرکردندا، بۆیە دەبێت هەنگاوەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە بێت، شان بەشانی فێرکردنی تەقلیدی(کلاسیکی) سوود لە ئامیرە ئەلیکترۆنییەکان ببینێت، هەروەك چۆن لەکاتی پەتای کۆڕۆنا ناوەندەکانی خوێندن داخران و وەرزارەتی پەروەردە ئەپلیکێشنی هەورەکانی دانا هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکانەوە گروپی جۆراوجۆر بەبەکارهێنانی پرۆگرامەکان (ڤایبەر، وەتس ئاپ، تلیگرام، زووم،...هتد) بۆ پۆلە جیاجیاکان درووستکرا بۆئەوەی قوتابیان لە خوێندن بێبەش نەبن و دانەبڕێن.

بۆمان دەردەکەوێت کە خوێندنی تێکەڵ یا ئاوێتە باشترین بژاردەیە، هەروەك چۆن ئێستا لەزۆربەی ناوەندەکانی خوێندن لەڕێگەی گروپەکانی (ڤایبەر، وەتس ئاپ، تلیگرام، زووم،...هتد)ەوە، پێدانانی بابەت و ئەرکی ماڵەوە لەلایەن مامۆستایانەوە بەقوتابیان بەردەوامە، بەڵام دەبێت ئەمە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە زیاتر کاری لەسەر بکرێت، پرۆگرام و ڤیدیۆی فێرکاری بابەتەکان لەلایەن شارەزایانەوە درووستبکرێن و وەزارەتی پەروەردە خۆی سەرپەرشتی بکات و سوود لەم شێوەیەی خوێندنی تێکەڵە یا ئاویتەیەش وەربگیرێت کە بە (پۆلی هەڵگەراوە) ناسراوە، بۆئەوەی بواری زیاتر بە مامۆستایان بدرێت لەپۆلەکاندا وەڵامی پرسیاری قوتابیان بدەنەوە و قوتابیانیش بواری ئەوەیان هەبێت بەرلەوەی بچنە پۆلەوە زانیارییان لەسەر ئەو بابەتانە هەبێت کە مامۆستا بەنیازە باسیان بکات، قوتابی لە قۆناغی (تەنها گوێگر)ەوە هەنگاو بنێت بۆ قۆناغی قوتابیەکی کار و بەشداریکەر لە تاوتویکردن و شرۆڤەکردنی بابەتاکانی ناوپۆل.

## ئەنجام:

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- هەرسێ جۆری فێرکردنی مەجازی و دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنی گەر هەندێ کەس بە سێ جۆری لەیەکتر جیاوازی فیرکردن لەقەڵەمی دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا هەرسێکیان سێ ناون بۆ هەمان پرۆسەکە خۆیان لە فیرکردنی ئەلیکترۆنی دەبینێتەوە.

2- لەسەردەمی ئێستا و داهاتوودا گرنگیدان بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی زەرورتێکی حەتمییە، چونکە جگە لەلایەنی پەروەردەیی و فێرکردن، بەکارهینانی کۆمپیوتەر لەبوری تویژینەوە و وەرگێڕان و...هتد. پیویستی بە بواری ئەلیکترۆنی هەیە و ناتوانرێ دەستبەرداری بین.

3- دەکرێ لەئێستادا لەکوردستان سود لە جۆری ئاوێتەی هەردوو شێوەکەی فێرکردن ببینین، واتە فێرکردنی کلاسیکی ناوپۆل شان بەشانی ئەویش فیرکردنی ئەلیکترۆنی.

4- دەبێ لەبەرامبەر لایەنە ئەرێنییەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی پەنجە بۆلایەنە نەرینییەکانیش ڕابکیشین، بەلایەنی کەم لەم جۆرەی فێرکردن هیچ کایەیێك و هەوڵێك بۆ دروستکردنی کەسایەتی قوتابی نامێنێتەوە، کە تیایدا ئەوەی ویست و ستراتیژی نەتەوە و نیشتیمان هەوڵ بۆ بونیادنانی کەسێکی کارا و بونیادنەر خەوی پێوەدەبینێ.

5- بۆ کەمکردنەوەی لایەنە نەرێنییەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی فیرکردنی تێکەڵ (واتە تیکەڵکردنی هەردووشیوەی کلاسیکی و ئەلیکترۆنی) باشترین بژاردەیەن بەتایبەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە ئامیرە ئەلیکترۆنییەکان هەموو بوارەکانی ژیانیان داگیرکردووە.

6- هەموو مامۆستاکان بەهەموو جۆر و پۆلەکانیانەوە لەیەك تای تەرازوودادەبن و بەزیرەك و نازیرەکیشەوە، چونکە هەموو قوتابیان بە مامۆستاشەوە وابەستەو بەندی کۆمەڵە بەرنامەیەکی داڕێژراوی ئاڕاستەکراو دەبن، کەسێتی مامۆستا لەهەرجۆرێ بێت نابیتە جێگەی سەرسوڕمانی قوتابیەکان.

7- یەکێك لەو شێوانەی فیرکردنی تێکەڵ فیرکردنی هەڵگەڕاوە یا(پۆلی هەڵگەڕاوە) یە، دەکرێ ئیمەی کورد لە ئێستا و ساڵانی داهاتووەدا زیاتر سوودی لێبببینین،چونکە کاتێکی زۆرتر بە قوتابی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەدات تا بتوانێت لەناو پۆلدا بواری بەشداریکردنی لە تاوتوێکردنی بابەتەکان لەگەڵ مامۆستا و قوتابیانی هاوڕێی هەبێت و لەقوتابییەکی ناچالاکەوە ببێتە قوتابییەکی چالاك و کارا.

## سەرچاوەکان

1- أحمد الخطيب، الجامعات الإفتراضية: نماذج الحديثة، جدارا للكتاب العالمي, عمان، 2006.
2- إيمان مرعي، التعليم في ضل جائحة كورونا: الإشكاليات والآفاق المستقبلية، مركز الأهرام، للدراسات السياسية والاستراتيجية، 2020/12/12، http://acpss.ahram.org.eg/News/17004.aspx
3- إيناس عبدالرحمن العيسى، بين أزمة التعلم عن بعد وأزمة كورونا، قدسن، الأحد 12 أبريل 2020، http://bitly.ws/aKzC.
4- حسن أحمد، التعليم عن البعد في زمان الكورونا: مميزات وتحديات 1-2، المدى، 2020/4/11 ، http://almadapaper.net/view.php?cat=225887
5- حليمة الزاحي، التعليم الإكتروني بالجامعة الجزائرية، مقومات التجسيد و عوائق التطبيق، دراسة ميدانية بجامعة سكيكدرة، أطروحة الدكتوراه مقدمة إلى جامعة قسنطينية منتسوري – كلية العلوم الإنسانية ، 2011-2012.
6- رضا عبدالبديع السيد عطية، تصور مقترح لتطبيقات التعليم الإلكتروني في مؤسسات التعليم العالي العربية في ضوء الاتجاهات العالمية، مجلة العلوم الاجتماعية، العدد 24، يونيو 2017.
7- ساندرا لحدو، مفهوم التعليم الافتراضي، 14 أغسطس 2016، http://bitly.ws/aYQm
8- شاهيناز محمود أحمد، أثر توظيف كائنات التعليم الرقمية ببرامج التعليم الإلكتروني على تحصيل العلوم لدى طالبات المرحلة المتوسطة، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الباحة، السعودية، 2013.
9- عاطف عبدالله فەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازیی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (Praat)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، 2011.
10- عاطف عبدالله فەرهادی،فێرکردنی زمانی کوردی لەسەر بنچینەی پاوەرپۆینت، نامەی ماجستێر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، 2006.
11- عبدالله بدارنة، دور التعليم ارقمي في مواجهة الأزمات والتحديات الراهنة، سفير بريس، 2020/6/10 ، http://bitly.ws/aYUH
عبدالله بن عبدالعزيز الموسى (1423هـ)، التعليم الإلكتروني(مفهومه – خصائصه-فوائده-عوائقه)، ورقة عمل مقدمة الى ندوة مدرسة المستقبل، جامعة الملك سعود.

12-علي أسعد وطفة، إشكالية التعليم الإلكتروني وتحدياته في ضوء جائحة كورونا، جامعة الكويت، كلية التربية، 2021.
13- علي أسعد وطفة، إشكالية التعليم الإلكتروني وتحدياته في ضوء جائحة كورونا، جامعة الكويت، كلية التربية، 2021.
14- غيداء الربداوي، التعليم عن البعد.. ماله وما عليه، مجلة المعلوماتية، العدد 152، 202.
15-فايزة أحمد الحسيني، التعليم الإلكتروني في زمن كورونا: المآل والآمال، مجلة الدولية للبحوث في العلوم التربوية, المجلد 3، العدد 4، 2020.
16-وليد احمد العاني، 2010 .
17- ياسمين ناصر، استراتيجيات التعليم، الفصل المقلوب، 2020/10/25، https://arblog.skolera.com/flipped-learning-and-flipped-classes/

18- Schlosser. L. A. & Simonson. M., Distance Education: Definition and Glossary of Terms. 3rd Edition U.S.: Information Age Publishing, 2011.

# التعليم الاليكتروني

**الملخص**

يهدف هذا البحث الموسوم ب(التعليم الاليكتروني)، الخوض في المكامين المرتبطة بالمنهج الخفي في التعليم الاليكتروني، و مقارنته بوصفيها (المنهج التقليدي) و عرض الانتقادات الموجه للتعليم الاليكتروني استناداً الى المنهج الخفي وأسس تقيمها بين السلب و الايجاب، كل ذلك تلج في اطار ظهور الثورة العارمة في تنكلوجيا المعلومات، حيث اقترنت بتنظير مصطلحات تحمل في مضامينها معالي/ معانى//ال/ جديدة، وقد احدثت تغيرات الجوهرية طالت اضلعها جميع محاور العلمية و التعليمية، و افرزت و ولّدث مناهج واستراتيجيات تدريسية تقويمية، حيث تتقاطع حيناً مع التعليم التقليدي و تتنافرو تتنأى في أحايين اخرى، و الباحثان أرتأيا بأن المحل الحقيقي لمعرفة مخرجات كلا المنهجين (والمقصودهنا التقليدي و الاليكتروني) و أثارهما بين التنظير والتطبيق، يمكن رصدها بين التغيرات التي احداثها والمشاكل التي افرزها. يتوزع البحث بعد هذا المستخلص و المقدمة الوجيزة على مبحثين:

المبحث الاول يعرض السيمات الرئيسية لكلا المنهجين، المبحث الثاني ينحصر ضمن اطار عرض الملامح الايجابية والسلبية لكلا المنهجين، عرض النتائج المنتفاة من البحث و تصفيف الصادر يكون خاتمة البحث.

## E- learning

**Abstract**

This research which entitled (E- learning) aims to delve into the potentials associated with the hidden curriculum in e-learning and compare it with its description with the traditional curriculum and to present the criticism directed at e-learning based on the hidden curriculum and the bases of its evaluation between negative and positive, all of this within the context of the emergence of the revolution in information technology, which is associated with the endorsement of the term carrying its contents have new meanings and have brought about fundamental changes that have effected all the axes all the educational process spawing and giving birth to teaching and assessment curricula and strategies, which at times intersect with traditional education, and at times repeal and distance themselves. And their effects between theorizing and the application can be monitored between the changes brought about by it and the problems it produced. The research is divided into two sections after this introduction and the brief introduction:

The first section presents the main features of both approaches, while the second topic is limited to the frame work of presenting the positive and negative features of them. Presentin the results and arranging the resources is the end of the research.

***Keywords:*** *E-Learning, Computational Linguistics, flipped classroom*, *Distance Learning*